لەکەمپی پەنابەرانی ماملیان لە قەزای ئاکرێ پیاوێک هاوسەرەکەی خۆی دەخنکێنێت



پۆلیسی قەزای ئاکرێ لە پارێزگای دهۆک ئەمڕۆ سەشەممە رایگەیاند، پیاوێک خەزانەکەی خنکاندوە و لەدوای رووداوەکە دەستگیرمانکردوە.

پۆلیسی ئاکرێ، راگەیەندراکی بۆاوکردووەتەوە و دەڵێت کە بەیانی ئەمڕۆ سەشەممە 18ـی ئادار، ئاگادارکراینەوە لە رووداوێک کە تێیدا پیاوێک لە کەمپی ماملیان ژنەکەی خۆی خنکاندوە و بەهۆیەوە گیانی لەدەستداوە.

لەدوای ئاگادرییەکە رەشتینە سەر رووداوەکە و بەهاوکاری تیمی لەکۆڵینەوە و بەگەی تاوان، توانیمان تۆمەتبار دەستگیربکەین و لێئستا بە بەیاری دادوەر و بەپێی ماددەی 406 لەیاسای سزادانی عەراقی کە تایبەتە بە کوشتنی بە ئەنقەست و پلان بۆ داڕژراو راگیراوە و لەکۆڵینەوەکان لەسەر رووداوەکە بەردەوامیان دەبێت.

هاتووشە، ژنەکە تەمەنی 29 ساڵ بووە و تەمەتباری هاوسەری تەمەنی 37 ساڵە.